
# تكايه ..
# من داواى هێمنى دەكەم

عادل شاسوارى



**من زيندانى قبولٚ ناكەم**

**تۆش ئازادى..!**

**من لەقەتيس بوون رائەكەم**

**تۆش لەسەفەر**

**من دەمەوێ ئارام بژيم**

**تۆش شەڕانى..**

**من دەمەوێ وەك روبار نەرم بژيمو نەوەستم**

**تۆش دەخوازى، ئاهەنگى مەرگى خۆم بگێڕم.**

**من ئارەزووى شەڕم نييەو ئێوەش سزاى ئاشتيم دەدەن**

**لەلاى ئێوە بوونم هێندە زيادەيە**

**هەر خوێندنەوەم لەسەرە**

**پەيامەكان بۆ من نووسران..**

**بەلاٚم بىٚ من..!**

**لاى تۆ چەند ئاسان، جەستە ماناى خۆى وون ئەكا**

لای منیش، رۆح
هەناسەی ترساوی من
لەم هەیبەتە زراوی چووە..
من ناوێرم پێت بڵێم تۆ نوورانی نیت
تکایە.. من داوای هێمنی دەکەم.

باڵای پرسیارم زۆر لەوەڵام مەزنترە
هەستی تینوویەتیم، زۆر لەتێربوون گەورەترە
داوای گەشتم لەگشت سنوورێك بەرینترە

بێدەنگی لای تۆ بووەتە عیبادەتێکی گەورە
مەوکبی خەڵوەتگەیەکی شیرین
تەنها عیبادەتی تۆ بێدەنگیە
بەڵام لای من، بێدەنگی گوزەرێکە شەیتان پێیدا رادەبووری
زنەیەکە شەیتان خۆیی تێدا دەشوا
سێڵاوێکە هەموو جوانی رادەماڵێ
وێنەیەکی شەیتانە لەسەر بەرماڵێ
من ئەگەر بەهەموو تەمەنم لەعیبادەتدابم
هێشتا هەر گوناهبارم
هێشتا هەر شایانی بەهەشتی رەزای خوانیم
من بۆ موسافیری پاکیزەییم!؟
لەکاتێکدا من زۆر لەوە بێ ئەرزشترم
قودرەتم هەبێ بەووڵاتی پاکی بگەم؟

ئەگەر لەبەهاری بەخشینیش
چاوەڕێی تاوەبارانی مەغفەرەت دەکەن
لێگەڕێن لەسنوورکێشان
لێگەڕێن لەبچووککردنەوەی
میهرەبانیو غوفرانی خوا
دەسی لێنەدەن لەگوناهی گشتمان
سەر رێژیش ئەکا..!

Adilshaswary2000@yahoo.com
میونشن-ئەڵمانیا